# هەتا کەی... ؟؟؟؟؟

**<u>پێناس</u>**: (هەتاکەی ؟؟؟؟؟) بزوتنەوەیەکی مەدەنی کراوەیە بە دەستپێشخەری ژمارەیەك کەسانی روناکبیرو نیشتمانپەروەرو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دامەزراوە، بەمەبەستی دروستکردنی فشارێکی جەماوەری راستەقینەو کاریگەر بۆ سەر دەسەڵات لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانی کۆمەڵگەو پاراستن‌و رێزگرتنی مافو کەرامەتی مرۆڤی کوردستان‌و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی‌و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، بەگرتنەبەری میکانیزمی مەدەنیانە .

## پێشەکی :

لەوە دەچێ ئێمەی خەڵکی کوردستان هیچ پەندو عیبرەتێك لەمێژوومان وەرنەگرین‌و سووربین لەسەر دووبارەکردنەوەی هەڵەکان‌و ئەو ناتۆرەیەی کەپێمان دەگوترێت "ناتوانین، یان شایستەی ئەوە نین خۆمان حوکمی خۆمان بکەین"و ئەمەش پڕ بە پێستی خۆمان بێت.

ئەگەرنا، ئەی ئەوە نییە خەریکە مێژوو بەهەمان شێوەی جاران خۆی دووبارە بکاتەوە! هەموو ئەو هەڵە مێژوویی‌و دەگمەنانەی لەرابوردودا بۆ گەلەکەمان هەڵکەوتوون، لەبەر کورتبینی‌و کارکردن بۆ دەستکەوتی تایبەتی‌و کاتیی، لەلایەن دەسەڵاتداران یان هەڵسوڕاوانی ئەو ئەزمونانەوە، لەناوچوون‌و سەرەنجام دەستکەوتە تایبەتییەکانی فەرمانڕەوایان‌و ناوەکانیشیان لەگەڵیدا روخاون‌و نەماون‌و گەلی کوردیش لەبازنەیەکی بەتاڵی روخان‌و ژێردەستەیی بەردەوام‌و هیچ بەدەستهێناندا خولاوەتەوە .

کەباسی هۆکاری لەناوچوونی ئەزموونەکانی رابوردومان دەبیست‌و دەخوێندنەوە، حەسرەتمان هەڵدەکێشا کە بۆچی دەسەڵاتداران هێندە کورتبین‌و خۆپەرست بوون‌و بۆ بەرژەوەندی‌و تێرکردنی حەزو ئارەزووە کاتییەکانیان ئەو ئەزموونانەیان لەدەستداوە، لەکاتێکدا گەلانی دونیاو ناوچەکە، لەسایەی سەرکردەی دڵسۆزو خۆنەویست‌و دووربیندا بناغەی پتەویان داڕشتووەو قەوارەی سیاسی خۆیانیان پێکهێناوەو بوونەتە خاوەنی سەروەریی خۆیان‌و پاشانیش گەیشتونەتە کەناری ئارامی‌و دواجار ناوی ئەوانەش کە دەستیان لەدروستکردنی گەلەکانیاندا هەبووە هەتا هەتایە بە نەمری تۆمارکراون.

بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە وا خەریکە ئەمجارەش ئەزموونەکەمان بەدەردی جاران ببرێتەوەو لەسەدەی بیست‌و یەکەمداو بەبەرچاوی خۆمانەوە خەریکە ئەم ئەزموونەش، چ لەئەنجامی نەزانییەوە بێت یاخود لەئەنجامی چەند کردەوەیەکی بەئەنقەستی لۆبییەکی گەندەڵی دەسەڵاتپەرستەوە کەبەرژەوەندی‌و هەوەسبازیی‌و چڵێسییان بۆ پچڕینی زۆرترین بەش وایکردووە سووربن لەسەر ئەوەی بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراوی وردو لەسەرخۆ ئەم ئەزموونەش لاواز بکەن‌و لەبەرچاوی خەڵکی بخەن‌و دواتریش لەناویبەرن.

شازدە ساڵە حوکمڕانی خۆماڵیمان دامەزراندووە، لەم شازدە ساڵەدا هەلی زۆر گەورەمان لەبەردەستدا بووە کەبتوانین بناغەیەکی پتەوی بەهێز دابمەزرێنین‌و بۆ جیهانی بسەلمێنین کەئێمەش شایستەی حوکمڕانی خۆمانین‌و ناچاریان بکەین بەوەی رێزمان لێبگرن‌و پشتیوانیمان بن.

بەڵام بەداخەوە، لەماوەی ئەم شازدە ساڵەی رابوردودا نەك هەر ئەوەمان نەكردو دەوڵەتی یاساو دیموكراسیمان پێدانەمەزرا، بەڵكو تەنانەت دەوڵەتێك یان سیستمێكی سیاسیش، با سیستمێكی دیكتاتۆریش بێت، پێمان دانەمەزراو لەجیاتی ئەوە فەوزایەكی رێكخراومان دامەزراند.

شازدە ساڵ ماوەیەكی باش بوو بۆ ئەوەی نموونەیەكی جوان بەدەستەوە بدەین، بەڵام جارێ لەساڵی 1994 ەوە شەڕی ناوخۆمان هەڵگیرساندو تا روخاندنی سەدامیش بەردەوامی هەبوو, كەتێیدا ئەوەی بەیەكترمان كرد كردمان، بەڵام لەگەڵئەوەشدا سەرەڕای نەبوونیو گرانیو شەڕی ناوخۆ خەڵكی هەر بێدەنگ بوون، چونكە دوژمنی گەورە مابۆوەو لەهەموو حاڵەتێكدا خەڵكی ئەم حوكمڕانییەی لەوەی دوژمن پێباشتر بوو, جگە لەوەی پێشیوابوو كەهۆكارێكی ئەو بارودۆخە دوژمنانمانن بەگشتیو حكومەتی عێراقە بەتایبەتی كە ئابلۆقەیەكی ئابوری خستبوینەسەرو لەو نێوەدا خەڵكی سەبری ئەیوبیان گرت بەپاڵپشتی ئەوەی كەحكومەتی خۆماڵی جارێ لەوە زیاتری لەدەستنایەت.

بەڵام دوای روخانی سەدام لەساڵی 2003دا، سەرەڕای نەمانی دوژمنو دەسكەوتنی سەروەتو سامانی خەیاڵیو بودجەی قەبە، بەپێچەوانەی پێشبینییەكانی خەڵكەوە، لەجیاتی ئەوەی بارودۆخەكە باشتر بێت خراپتر بوو، تەنانەت لەزۆر بواردا لەنەوەدەكان یان لەپێش روخانی بەعسیش خراپتر بوو. ئەمەش لەدەرئەنجامدا واقعێكی زۆر خراپی دروستكرد، بەجۆرێك كەدڵی خەڵكی تەواو ساردكردۆتەوەو ئەو ئەزموونەی كە دەیانو سەدان ساڵە خەوی پێوەدەبینن، ئێستا زۆر بە لایانەوە گرنگ نییە چی بەسەر دێ! چونكە لەسایەیدا هیچیان دەستنەكەوتووە، كەدیارە ئەم دیاردەیەش زۆر ترسناكەو دەشێت ئەگەر زوو فریای نەكەوین بەسەرەتای رووخانی ئەزموونەكەمانی بزانین. بۆیە كاتی ئەوە هاتووە كە ئەو دیاردانەی بوونەتە مایەی خوڵقاندنی ئەم بارودۆخە ناهەموارە دەستنیشانیان بكەین پاشان چارەسەریان بۆ دابنێینو بەیەكدەستیش دژی هەموو ئەوانە بوەستین كە سەبەبكاری ئەمو دزعەنو بەبەشێك لەپیلانی دوژمنانیان بزانین بۆ سەر ئەم گەلە، جا لەهەر پلەو پۆستێكدا بنو هەر ناونیشانێكیشیان هەڵگرتبێت.

بە بۆچوونی ئێمە گرنگترین ئەو هۆكارانەی بوونەتە مایەی خوڵقاندنی ئەم بارودۆخە نالەبارە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە: -

## 1- نەبوونی عەدالەتی كۆمەڵایەتی :

ترسناكترین هۆكاری پەرتەوازەیی كۆمەڵگە بریتیە لەبڵاوبوونەوە یان هەستكردن بەبڵاوبوونەوەی ناعەدالەتی كۆمەڵایەتی، ئەو كاتەش كۆمەڵگەیەكی پەرتەوازەو خەمساردت بۆ دروستدەبێت (هیچ نەبێ لەماوەیەكی زەمەنی دیاریكراودا) كەتێیدا كۆمەڵگە ئامادە نییە روبەڕوی هیچ جۆرە هەڕەشەیەكی دەرەكی ببێتەوەو لەگەڵ یەكەم بەرەنگاربوونەوەی دەرەكیدا، تێكدەشكێت، كەدیارە ئێستا گەلی كوردستان لەم دۆخەدایەو تەنها پیلانو هێرشی دوژمنانی ماوە، ئەوانیش وا لەبۆسەدان.

لە ماوەی رابوردودا لەجیاتی ئەوەی حكومەتی هەرێم كاری دامەزراوەییو یاسایی بكات، هات زۆربەی زۆری كارەكانی لەرێگەی كارو پەیوەندییە شەخسییەكانو واسیتەو واستەكارییەوە ئەنجامدا. واتە لەجیاتی ئەوەی دەسەڵاتی یاسادانان، بێگوێدانە كەسەكان، یاسای گشتگیرو ئەبستراكت دەربكاتو دواتریش دەسەڵاتی جێبەجێكردن هەستێت بەجێبەجێكردنی ئەو یاسایانە، دەبینین حكومەت بەسەر بنەمای كاری شەخسی

دەبرێت بـەڕێوە، واتـە یاساکان لـەجیاتی ئـەوەی یاسای گشتی بـن یاسای تایبـەتن‌و بـۆ پاراستنی بەرژەوەنـدی کەسـێك یـان چـەند کەسـێك دەرچـوون‌و تـەنها میـزاج‌و قـازانجی ئـەو کەسـانە لەبەرچـاوگیراوە کەدەسـتیان بەدامودەزگا بالأکان رادەگات. بەم پێیە بـەکردەوە شـتێك نـەماوە پێیبگوترێت "پرەنسیپی یەکسانی هاولاتیـان لەبـەردەم یاسـادا" یـان دابینکردنـی هـەلی یەکسـان لەبـەردەم هەمووانـدا، بـەلکو لـەبری ئەمـە جیاکـاریی‌و مەحسوبیەت جێگەیانی گرتۆتەوەو حکومەت لەحکومەتی خەلك یان گەلەوە بۆتە حکومەتی چەند کەسێك، کە ئەوەش لەچەند هـەزار کەسـێك تێپـەڕ ناکات. جگـە لـەوەی ئـەو ژمـارە کەمـە تـەنها خۆیـان‌و خـزم‌و کەسـوکارو دۆست‌و ناسیاوەکانیانە لەهەموو دەسکەوت‌و ئیمتیازاتەکانی ناو ئـەم حکومەتـەدا پشکیان هەیـە بێئـەوەی هـیچ ئەرکێکی ئەوتۆشیان لەسەرشان بێت.

لەو ئیمتیازاتانەش وەك پێدانی پۆست‌و وەزیفە، پێدانی زەوی باش بەبێ هیچ مەرجێك, وەرگـرتن لەخوێنـدن، دابینکردنـی زەمـالاتی خوێنـدن، نـاردن بـۆ دەرەوە، نـاردن بـۆ حـەج، مقـاوەلات، ئـاو، کارەبـا، سـوتەمەنی، خزمەتگوزاری تەندروستی، شارەوانی، داشکاندن یـان عـەفوکردن لـەباج، لەگـەل هـەموو ئـەو بـوارە جیاجیانـەی کەحکومـەت‌و وەزارەتـە جیاجیاکـانی حکومـەت ئەنجامیـدەدەن, وەك ڕێگاوبـانی تایبـەت، بـاج، داودەرمـانی کشـتوکالی، بیرهەلکەنـدن، موەلیـدە، چـیمەنتۆ .... هتـد، لەبەرامبەریشـدا سـەرجەم هاولاتیـان هـیچ جـۆرە ئیمتیازێکیان لەناو حکومەتدا نییە تەنها ئەوە نەبێت ئەرکیان لەسەر شانە.

بەو پێیەی حکومەتەکە شەخسیەو هـەر ئەوانـەی خۆیـانن کەدەگەنـە لای کەسـانی خـاوەن بڕیـارو بـۆ هـەموو مەسەلەکان داواکاریان هەیە, لەبەرئەوە کاتێك حکومەت بۆ ئەوانە شتەکان دابین دەکات وادەزانێ بۆ هـەمووانی دابینکردووە، بەلأم لەراستیدا ئەوانە رێژەیان لەچاو گەلدا زۆر زۆر کەمە، ئەمە جگەلەوەی کە لـەناوخودی ئـەو سودمەندانەشـدا هەسـتکردن بەناعەدالـەتی دروسـتبووە کاتێـك خۆیـان بـە یـەکتری بـەراورد دەکـەن، دەبیـنن هەنـدێکیان لەهەنـدێکیان شایستەترو موستەهەقترن کەچـی ئیمتیـازاتی ئـەوان زۆرتـرە، هۆکارەکەشـی ئەوەیـە ئەوان زۆرتر لەدەسەلأتەوە نزیکن یان باشتر دەیناسن.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەهەموو شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان هەموو ئەو بەرپرس‌و مەسئولانەی کە تا دوێنێ بۆ بەدیهێنانی یەکسانی‌و عەدالەتی کۆمەلأیەتی هەولیان دەداو لەدژی چەوساندنەوە تێدەکۆشـان، ئێسـتا هەندێکیان بوونەتـە کوێخـاو ئاغـای ناوچـەکەی خۆیـان‌و وەك پاشـا دەژیـن‌و جیـاوازیی ئاسـتی بـژێوییان لەگـەل هـاولاتی ئاسـاییدا ئاسمـان‌و رێسـمانەو تەنانـەت بوونـەە کوێخـاو ئاغـا بەسـەر دامـو دەزگاکـانی حیـزب‌و حکومەتیشەوە..

لە کۆتاییدا ئەوەندە دەلێین کە ناعەدالەتی هەتا سەر ئێسقان رۆیشتووەو هەموو بوارەکانی ژیـانی بـە رادەیـەك گرتۆتەوە کە لەوانەیە دە هێندەی تریشی لەسەر بلێین هێشتا هەر کەم بێت!.

## 2- نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان :

سادەترین ئـەرکی حکومـەت، چ راسـتەوخۆ لەلایـەن خۆیـەوە بێـت یـان لەرێگـەی کـەرتی تایبەتـەوە، بریتیـە لەدابینکردنی ئـەو خزمەتگوزارییـە بنەڕەتیانـەی کـە پێیانـدەگوترێت "خزمەتگوزارییـە ژیارییـەکان"، چـونکە بەبێ ئەم خزمەتگوزاریانە ژیان زۆر گران‌و دژوار دەبێت. بۆیە ئەگەر هەر دەسەلأتێك بیەوێت رێـزو هەیبـەت‌و بەردەوامی خۆی بپارێزێت، پێویستە لەدوای دابینکردنی نیـزام‌و ئاسایش ئـەو خزمەتگوزاریانـە دابینبکات، کە

ئەوانیش بریتین لە: ئاو، کارەبا، سوتەمەنی، رێگەوبان، تەندروستی،... هتد، ئەگەر ئەمانە نەبن ئەوە بەواتای ئەوەدێت کە حکومەت پەلە دەکات لەزوو بێزارکردنی خەڵكو روخانی خۆی.
لە کوردستانی دوای راپەڕیندا، بەتایبەتیش دوای ساڵی 2003و دەسکەوتنی بودجەیەکی خەیاڵی لەپارەی نەوت، جگە لەو داهاتە ناوخۆیەی حکومەت لەرێگەی باجی گومرگو باجو رەسمەکانی ترەوە دەستیدەکەوێت ، کە ئەو بودجەیە هێندە زۆرە نەك بەشی هەموو کوردستان بەڵکو بێ هیچ زیادەڕەوییەك بەشی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی سەرلەبەری دەوڵەتێك دەکات - کەچی بەهۆی گەندەڵیو خەرجکردنی ناشەرعیو موچەی خەیاڵیو دابەشکردنی لەنێوان دوو حیزبی سەرەکیدا ئەو بودجەیە هیچی لێنامێنێتەوەو کەس نازانێ چی لێدەکرێت! بۆیە تا ئێستا ئەو دەسەڵاتە نەیتوانیوە لانیکەمی ئەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش بکات. لەکاتێکدا کەبارو گوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستان لەوپەڕی نالەباریو ناڕەحەتیدایە لێپرسراوان بەم حاڵەی میللەت دەزانن‌و خۆیانی تێناگەیەنن، بەشێکی ئەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەخۆیان کێشەی ئەو خزمەتگوزاریانەیان نییەو لەو تۆزە کارەباو ئاوو سوتەمەنیەشی کەهەیە، بەشی ئەوانی بە فولی لێدەدرێت، لەبەرئەوە هیچ باکیان نییە بەسەر ئێش‌و مەینەتییەکانی خەڵکەوەو تێر ئاگای لەبرسی نییە.

## 3- پێشێلکاریی مافی مرۆڤو سوکایەتیکردن بە کەرامەتی :

لە سەردەمی بەعسدا خەڵکی هەوڵیاندەدا کەمترین کاریان بکەوێتە دامودەزگاکانی حکومەت، لەترسی ئەوەی نەکا تووشی سوکایەتیپێکردن ببن، چونکە حکومەتی دیکتاتۆری هەمیشە کار لەسەر قەبەکردنی دەسەڵاتی خۆیو دامودەزگاکانی حکومەتو بچوککردنەوەو سوکایەتیکردن بەئیرادەی تاك دەکات. بۆیە خەڵکی لەچاوەڕوانی ئەوەدابوون کە بەنەمانی رژێمی بەعسی دیکتاتۆرو هاتنی رژێمی خۆماڵیانەی بەناو دیموکراسی ئەو موعامەلەیە بگۆڕێتو ئیتر فەرمانبەر لەهەر ئاستو پلەیەکدا بێت نەتوانێت سوکایەتی بەتاکەکان بکات..
بەڵام بە داخەوە ئەم مومارەسەیە زیاترو زیاتر تۆخبۆتەوە، هەر لەبەرزترین پلەکانەوە وەك سەرۆك کۆمار یان سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەت تا دەگاتە ئاستی فەرمانبەرێکی بچوك، لێپرسراوە باڵاکان یان خەڵکی هەر ناتوانن بیانبینن یان ئەگەر بە رێکەوت بەدیداریشیان شادبوون سوکایەتی بەبیروبۆچوونیان دەکرێتو بیروڕاکانیان بەهەندو وەرناگیرێت، چونکە دیارە ئەو لێپرسراوە باڵایانە خۆیان زۆر بە عاقڵترو خەڵکی بەنەزانو کاڵفام دەزانن بۆیە هەرگیز هیچ راوبۆچونی تاکەکان لای ئەو لێپرسراوانە ئیعتبارێکی ئەوتۆی نەبووەو لێیوەرنەگیراوە، بەڵکو تەنانەت زۆرجار ئەگەر یەکێك بیروڕایەکی هەبووبێت لەگەڵ بیروڕای ئەواندا نەگونجابێت ئەوا سوکایەتی پێکراوەو تەریقیشکراوەتەوە، بۆیە وایلێهاتووە کاتێك هاوڵاتی لەبۆنە رەسمییەکاندا لەگەڵ ئەو مەسئولانەدا کۆدەبێتەوە یان پێشوەخت پێیدەگوترێت قسە مەکە ! یان خۆیان چەند کەسێك دەستنیشاندەکەن بۆ قسەکردن, خۆ ئەگەر یەکێك هەڵخەڵەتاو وایزانی دیموکراسیەتەو قسەی کرد ئەوا دەمودەست تەریقدەکرێتەوە، راستە حوکمڕانی لەعەرەبەوە گۆڕاوە بۆ کورد بەڵام بەهەمان گیانی دیکتاتۆریو تاکپەرستیو بگرە زیاتریشەوە رەفتار دەکرێت.
ئەم مامەڵەیە لەسەر ئاستی پلە جیاجیاکانی تری وەزیفەش، لەسەرەوە بۆ خوارەوە، هەرو ایە، چونکە فەرمانبەر هەر سوکایەتیەکیش بەهاوڵاتی بکات خۆ هیچ کەناڵێك نییە هاوڵاتی سکاڵای لێبکاتو خۆ ئەگەر سکاڵاشی کردو لێیوەرگیرا، ئەوا لەئەنجامدا هەر هاوڵاتیەکە تۆمەتبار دەردەچێت.

له هەمووشی ترسناکتر ئەوەیە کاتێك هاوڵاتی روبەڕوی دامودەزگاکانی ئاسایش یان پۆلیس دەبێتەوە ئەوا زۆر بەزەقی مافی پێشێلدەکرێتو سوکایەتی بەکەرامەتی دەکرێت. لەو چەند خۆپیشاندانەی کە بۆ داواکردنی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان ئەنجامدران بینیمان چۆن هاوڵاتی سڤیلو بێچەك، بەفەرمانی ئەوانەی تا دوێنێ پێشمەرگەی گەل بوون لەپێناو ئازادیو سەربەستی ئەودا خەباتیان دەکرد، درانە بەر دەسترێژی گوللەو چەندانیشیان لێگیرانو خزێنرانە گرتووخانەکانی (کانی گۆمەو ئاکرێ)و شوێنەکانی ترو بۆ ماوەیەکی زۆر بەرنەدران، تەنها لەسەر ئەوەی داوای دابینکردنی ئاوو کارەباو سوتەمەنیان کردبوو، ئەی ئەگەر خۆپیشاندەران بەو دروشمانە هەڵبخەڵەتانایە کەدەڵێت وڵات دیموکراسییەو هەرکەس چی دەوێت بابیڵێتو داوای گۆڕینی رژێمو دەسەڵاتیان بکردایە دەبووایە چیان بەسەردا بهێنرایە؟؟!

ئەمە جگە لەوەی کە تا ئێستا دەزگاکانی ئاسایشی کوردستان مولکی هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدارنو خەڵك بەبێ فەرمانی دادوەرو بەشێوەیەکی نایاسایی‌و بەتۆمەتی ئەوەی کەسەر بە گروپی ئیسلامی توندڕەون یان تیرۆریستن یان هاوکاریانن دەگیرێت، لەراستیدا ئەم جۆرە مامەڵەیە زۆر ترسناکە، چونکە ئەگەر دامودەزگای پۆلیسو ئاسایش توانی بەبێ فەرمانی دادوەر یەك هاوڵاتی بگرێتو سەرپێچی لەیاسا بکات، ئەوە مانای وایە کێی بوێت دەتوانێت بیگرێت! ئەمەش هەموو مافو ئازادییەکان دەکاتە دروشمی بەتاڵو هیچ مانایەکیان تێدا ناهێڵێتەوە. لەکاتێکدا هەتا ئێستا هیچ یەکێك لەلێپرسراوانی دامودەزگاکانی ئاسایشو پۆلیس، لەسەر تاوانی گرتنو حیجزکردنی خەڵك بەبێ فەرمانی دادوەر، لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەکراوە ئەگەرچی ئەوجۆرە تاوانە بەشێوەیەکی بەرچاویش ئەنجامدەدرێت.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە بارودۆخی ناو زیندانەکانی کوردستان، لەهەموو رووەکانەوە، زۆر خراپەو لەگەڵ هیچکام لەو پێوەرە نێودەوڵەتیانەدا نایەنەوە کە باس لەمافی گیراو یان بەندکراو دەکەن...

## 4- گەندەڵی

گەندەڵی کێشەیەکی گەورەی ئەم حکومەتەیەو رۆژ بەرۆژو ساڵ بەساڵیش خەستر دەبێتەوە، هەر لەباڵاترین ئاستی لێپراسراوێتی حکومی‌و حیزبیەوە بیگرە تادەگاتە خوارەوە، هەموو شتەکان تێکەڵنو بەسەریەکدا تێکهەڵشێلراونو بەناڕۆشنی ماونەتەوە، کەئەمەش بەئەنقەست وایلێکراوە! بۆئەوەی بازرگانانی خوێنی میللەت ئاوەکە لێڵ بکەن تا بەکەیفی خۆیان ئەوەی دەیانەوێت بیکەن، هەر لەنەبوونی حکومەتی موئەسەساتی‌و تێکەڵکردنی کاری حیزبی‌و حکومی‌و بوونی میلیشیای حیزبییەوە تا دەگاتە بەکارتۆنیکردنی پەرلەمانو دامودەزگای قەزایی‌و دامودەزگا دەستورییەکانی تر، تەنانەت دەسەڵاتیش تەنها لەدەستی چەند کەسێکدا قەتیسکراوە.

ئاشکرانەکردنی بودجە، بوونی مووچەو مەسرەفی خەیاڵی، بوونی رێژەیەکی زۆری موچەخۆران کە 10 یان 100 هێندەی پێویستی حکومەتن، بوونی خەڵکانی دوو مووچەو سێو چوار مووچەیی، نەبوونی لێپرسینەوە، گزیکردن لەپێدانی تەندەر، شەریکبوونی مەسئولەکان لەمقاوەلاتو پرۆژەکانو چی‌و چیترو دەیانو سەدان دیاردەی تری گەندەڵی، کەدەتوانین بڵێین هیچ کایەو بوارێك لەناو حکومەتدا نەماوەتەوە توانیبێتی بەشێوەیەك لەشێوەکان لەسەر سکەی یاسایی ئاسایی خۆی بڕواتو گەندەڵی زێفەری پێنەبردبێت.

ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی لێپرسراوان بازرگانی بەشوێنەکانی خۆیانەوە دەکەنو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریدەهێنن، ئێستا گەندەڵکاری گەورە لەکوردستاندا حیزبەو هەردوو حیزبی دەسەڵاتداریش زۆرترین بەشی بودجە بۆخۆیان دەبەنو بەبێئەوەی هیچ یاسایەك هەبێ دەدرێتە دەزگا داراییەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، کەچەندین ملیار دینارە، لەکاتێکدا ئەگەر ئەو بودجەیە بەدەست کەرتی تایبەتەوە بووایە هەتا ئێستا بەسەدان پرۆژەی پێدەکرا بەڵام لەو دەزگایانە کەس نازانێ چی لێدێت جگە لەدەوڵەمەندبوونی چەند کەسێکی سەر بەو جێگایانە، ئەو پرۆژانەشی کە بەو پارانە دەکرێن هیچ نین لەچاو ئەو پارە زۆرەدا ئەوەش شتێکی چاوەڕوانکراوە چونکە پرۆژەی نائەهلی بە پارەی بەلاشو وەك ئەزموونی وڵاتانی سۆسیالیست پێماندەڵێن هەمیشە دەرەنجامی فەشەلهێنانو دروستکردنی چینی بیرۆکراسی فەرمانبەرانی هەڵسوڕێنەری ئەو پرۆژانەن کەگەندەڵی دەیانگرێتەوە. ئەمە جگەلەوەی کە تائێستا حیزبو حکومەت یەكماڵنو لەشێوەی سیستمی تاکحیزبی بلۆکی رۆژهەڵاتدا حیزب دەستیگرتووە بەسەر هەموو کایەکانی دەوڵەتیشدا، ئەمەش وایکردووە کەدامودەزگای دەستوریی‌و نیشتمانی دروست نەبێتو دامودەزگاکانی وەك پەرلەمانو حکومەتو دادوەریش کە هەن تەنها ئەو یاسایانە دەربکەن کەلێپرسراوی یەکەم یان دەسەڵاتداران دەیخوازنو تەنها بۆ بەرژەوەندی چەند کەسێك دەردەچن، ئەمە جگە لەوەی کەپەرلەمان، نە لەرووی سیاسیەوەو نە لەرووی داراییەوە، ناتوانێت رۆڵی خۆی لەلێپرسینەوەی حکومەتدا بگێڕێتو چاودێری بکات.
حکومەت خۆیشی دەسەڵاتی سەرۆکایەتیانەی خۆی بەکارناهێنێت بۆ لێپرسینەوە لەوەزیرو وەکیلو بەڕێوەبەرو ئەو پلەوپایانەی کە گەندەڵی یان سەرپێچی لەیاسا دەکەن. تاکە حکومەتە لەهەموو دونیادا لەماوەی 15 ساڵو زیاتریشدا لێپرسینەوە لەگەڵ یەك مەسئولیدا نەکراوە، یان هیچ بەرپرسێکی نەدراوە بە دادگا، ئەمە لەکاتێکدا دەزانین زۆربەی هەرە زۆری کاربەدەستانی لەسەر حیسابی وەزیفە دەوڵەمەندبوونو چەندین وەزیری تێدایە کەتەنها بە دوو یان سێ ساڵ وەزیفەی وەزیری بوونەتە ملیۆنێرەکانی وڵات. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کەحکومەت خۆی لەسەرەوە گەندەڵ بوو ئیدی ناتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ ئاستەکانی خوارەوەیدا بکات، بۆیە دەبینین کە لەهەموو ئاستەکاندا وەزیفە بۆ بەرژەوەندی تایبەت بەکاردەهێنرێت بێئەوەی بەرپرسان هیچ حسابێك بۆ لێپرسینەوە بکەن یان سڵی لێبکەنەوە چونکە دڵنیان لەوەی کە ئەو لێپرسینەوەیە نییە.

## 5- بژێوی ژیانو گرانی :

لە ئەنجامی کەمی موچەو گرانی بازاڕو کەمی دەستی کار، زۆربەی خەڵکی بەدەست گرانییەکی کەم وێنەوە دەناڵێنن. شارەکانی هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ هەموو شارەکانی دیکەی عێراقدا، گرانترینیانن، ئەویش بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك رووی لەم شارانە کردووەو ئەمەش گرانی بازاڕو گرانی کرێ خانووی لێکەوتۆتەوە، جگەلەوەش کە دەستی کاری خۆماڵیشی بێ کارکردووە، بۆیە ئێستا رێژەیەکی زۆری بێکارمان هەیە کەهیچ دەرتانێکیان نییە بۆ خۆ دەربازکردن لەو و اقیعە تاڵو لەو گرانیو ناعەدالەتیە، بۆیە رێی هەندەرانیان گرتۆتەبەرو دەبینین کە ئێستا رێژەی چوونە هەندەران لەهەموو کاتێك زیاترە، هەروەها زۆربەی زۆری فەرمانبەرانی حکومی موچەکانیان نزمەو لەنێوان (100-200) هەزار دینارداییەو ئەمەش بەشی (4) بوتڵ غاز ناکات.

بۆیە ئەم بارودۆخە بەلای خەڵکانی بێکارو زۆرینەی فەرمانبەرانەوە گرانییەکی بێڕادە کەوتۆتەوە کە لەنەوەدەکانی سەدەی رابردووی سەردەمی ئابلۆقەی ئابوری گرانترە.

**سەرەنجام :**

هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە لەگەڵ چەندین هۆکاری تریشدا، کە لێرەدا بوار نەبووە باسیان بکەین، بوونەتە مایەی دروستکردنی هەستێکی نائومێدیو بێزاریی خەڵك. کە بەڕای ئێمە ئەم دۆخە دروستکراوەو لۆبییەکی گەندەڵ لەدەسەڵاتدا بۆ بەرژەوەندی خۆی خولقاندویەتی بەئامانجی لەناوبردنی ئەزموونەکەمان کەئەمەش لەگەڵ پیلانی دوژمناندا یەکدەگرێتەوە.

جا بۆئەوەی چیدی ئەم رەوشە لەوە زیاتر درێژە نەخایەنێتو ناڕەحەتیو بێزاریی ئەم گەلە ستەمدیدەیەش کۆتایی پێبێت، ئەرکی یەکبەیەکی ئەندامانی ئەم گەلەیە لە لاوان، ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان، پارێزەران، مامۆستایانی ئایینی، یاساناسان، بەڵێندەران، ، کاسبکاران، ، پزیشکان، کەمئەندامان، فەرمانبەران، پیشەوەران....هتد، کەچیدی هەڵوێستی جددی وەربگرینو بەگژ ئەو هەموو گەندەڵیو ناعەدالەتیانەدا بچینەوەو نەهێڵین ژمارەیەك خەڵکی گەندەڵو چڵێسو بودەڵە بۆ دەسکەوتی تایبەتی درێژە بەم وەزعە بدەنو یاریش بە شعورو ئیرادەی هەمووومان بکەن، چونکە درێژەکێشانی زیاتری ئەم وەزعەو چارەسەرنەکردنی کۆمەڵگە بەرەو توندوتیژیی دەبات، ئەوکات کار لەکار دەترازێت.

لەم پێناوەدا، ئێمە وەك بزووتنەوەیەکی مەدەنی کراوە، کە بەدەستپێشخەری ژمارەیەك لەکەسایەتی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دروستبووین، بانگەشەی هەمووان دەکەین بابێنو بەشداری بکەن لەدروستکردنی فشارێکی جەماوەریی راستەقینەو کاریگەری بەردەوامدا تا بەدیهێنانی هەموو خواستەکانمان لەدابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانو پاراستنو رێزگرتنی مافەکانمانو بەگژاچونەوەی گەندەڵیو ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە ئێمە پێمانوایە ئەگەر نیەتی پاكو ئیرادەی راستەقینە هەبێ بۆ چاکسازیو گۆڕان ئەوا لەماوەی کەمتر لەساڵێك دەشێت باری لاری ئەم میللەتە راستبکرێتەوە، ئەگەر نا، ئەوا بەرەو چارەنوسێکی ترسناك هەنگاو دەنێینو ئەو کاتیش یەکبەیەکمان بەرپرسیارێتی مێژوویمان دەکەوێتە ئەستۆو لێی دەرباز نابین. لەم روانگەیەوە ئێمە هەوڵدەدەین کە ئیتر رایەکی گشتی کاریگەر دروست ببێتو بەگرتنبەری شێوازگەلی مەدەنی هەڵوێستی فیعلی وەربگرێت تا بەدیهێنانی ئامانجەکانو لێرەشەوە رایدەگەیەنین کە ئێمە کار دەکەین بۆ فشار دروستکردن لەپێناو بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوەدا: -

1- گۆڕینی یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتی هەرێم لەحکومەتێکی دوور لەگەلەوە بۆ حکومەتی گەل، چونکە ئەوەی ئێستا هەیە رێکەوتنێکە لەسەر درێژەدان بە گەندەڵیو دابەشکردنی وەك برای هەموو سامانو داهاتی کوردستان. لەراستیدا ئەم یەکگرتنە هەر دابڕانەکەی جارانە تەنها ئەوە نەبێت لەرووی مەوقیعی جوگرافیەوە لێکنزیکبوونەتەوە. بۆ ئەوەی حکومەتەکە ببێتە حکومەتی گەل پێویستەو از لەحکومەتی ئیئتلافیو بەشداری هەمووانو ففتی بە ففتی بهێنرێتو لەبری ئەمە حکومەتی گەمەی دیموکراسیو هەڵبژاردن بێتە ئاراوە، واتە حکومەتی زۆرینەی هەڵبژاردن دروست ببێتو ئەویتر ببێتە ئۆپۆزسیۆنو بەرهەڵستکارو لەهەل بگەڕێ بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنی داهاتوو پێکهێنانی حکومەت بەمەبەستی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، چونکە بەبێ

دروستکردنی حکومەتێکی لەوجۆرەو بەبێ دەستاودەستکردنی دەسەڵات ناکرێت باس لەچاکسازیی‌و چاودێریکردنی پەرلەمان بۆ حکومەت‌و ئۆپۆزسیۆن بۆ دەسەڵات بکەین .

ئەوەی چەند ساڵە یەکێتی‌و پارتی‌و حیزبەکانی دیکەش دەیکەن شتێکی شازەو دژی گەلەو درێژەدانە بە هەمان سیاسەتی چەوتی جاران بۆ ئەوەی زۆرترین دەستکەوتی تایبەتیان دەستبکەوێت‌و لەپاڵیدا رۆژبەرۆژیش دەزگاکان بەرەو دەزگای شەخسی‌و گەندەڵ دەچن .

2- کاراکردنی پەرلەمان بەوەی لەپەرلەمانێکی کارتۆنی بێدەسەڵاتەوە ببێتە پەرلەمانێکی کاراو چالاك‌و بتوانێت، وەك نوێنەری ئیرادەی میللەت، لەهەرسێ بوارەکەی خۆیدا، رۆڵی سەرەکی ببینێت ئەوانیش بریتین لە:

ا- **رۆڵی یاسادانان:** پێویستە پەرلەمان یاسا زەروورو پێویستەکان دەربکات‌و یاساکان گشتی‌و مجرد بن‌و بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتداران دەرنەچن.

ب- **رۆڵی چاودێریی سیاسی حکومەت:** رۆڵی چاودێری سیاسی حکومەت بگێرێت هەر لە پرسیارو لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوەوە بیگرە تا دەگاتە لێسەندنەوەی متمانە بەتاك لەوەزیرێك یان بەکۆ لەهەموو وەزارەتەکان.

ج- **چاودێری دارایی:** چاودێریکردنی سەرجەم خەرجی‌و داهاتەکان‌و چۆنێتی خەرجکردنیان لەرێگەی پەسەندکردنی بودجەو بەدواداچوونی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی.

3- چاودێریکردنی ئاستی ئەداو کارکردنی حکومەت وەك ئەنجومەنی وەزیران، واتە وەك سیاسەت‌و بەرنامەی حکومەت‌و تاچەند ئەو بەرنامەیە جێبەجێدەکات، هەروەها چاودێریکردنی یەکبەیەکی وەزارەتەکان لەڕووی ئەوەی تاچەندێك بە گوێرەی یاساو دوور لەمیزاجی شەخسی‌و تایبەتی کار دەکەن.

فشارهێنانە سەر حکومەت بۆ دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، لەم روانگەیەشەوە پێویستە مەرجەکانی پلەوپایە حەساسەکان، بەتایبەتیش وەزارەت‌و بەڕێوەبەری گشتی، دیاریبکات‌و بە گوێرەی ئەو پێوەرانە کاربکات.

دانانی میلاك بۆ پەیکەری ئیداریی حکومەت بەوەی کە دامودەزگا زیادەکان، کە لەبەرخاتری ئەم‌و ئەو دروستکراون لەگەڵ فەرمانبەرە زیادەکاندا کە بۆ کاری مونافەسەی حیزبی ناشەریفانە دامەزراون، لەحکومەت دووربخرێنەوەو تەنها ئەو فەرمانگە پێویستانە بمێننەوە کەمانەوەیان بۆ بەردەوامیدان بەحکومەت‌و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی پێویستە، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەش بمێننەوە کە بەگوێرەی میلاك دیاریکراون‌و هەموو زیادەکان خانەنشینبکرێن یان بیمەی کۆمەڵایەتیان بدرێتی.

بڕینی هەموو موچە تایبەتەکان‌و دیاریکردنی موچەی هەموو کەس لەسەرۆکی هەریم تا سەرۆکی وەزیران تا وەزیرەکان بەیاسا، هەروەها پێویستە خەرجیەکانیش واتە سەلاحیاتی خەرجی هەریەکەیان بەپێی یاسا دیاریبکرێت. بڕینی هەموو مینحەکانی وەك چیمەنتۆ، سووتەمەنی، شیش‌و کەرەسەی بینا، بۆ ئەم‌و ئەو، پێویستە ئەوەی کەهەیە بەیاساو بەیەکسانی بۆ هەمووان بێت .

4- جیاکردنەوەی حیزب‌و حکومەت‌و دیاریکردنی بودجەی هەر حیزبێك بەیاسا. نابێت جیاوازی بکرێت لەنێوان حیزبی دەسەڵاتدارو حیزبی بەرهەڵستکاردا. نابێت یارمەتییەکان لەسەر بناغەی بنکەی جەماوەریی بن، بەڵکو یان ئەوەتا یارمەتی حکومەت بۆ حیزب نەبێت یان بۆ هەمووان وەکیەك بێت.

5- لێپرسینەوە لەو هەموو داراییەی کە چەندین ساڵە هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار دەیبەن‌و موحاسبەکردنیان لەسەر چونێتی سەرفکردنی.

6- بڕینی ئاوو کارەباو سووتەمەنی تایبەتی لێپرسراوان‌و پیاوماقوڵان‌و دەوڵەمەندان لەژێر هەر ناوێکدا بێت.

7- نەهێشتنی میلیشیای حیزبی‌و دروستکردنی سوپایەك کەتەنهاو تەنها وەلائی بۆ نیشتمان هەبێت نەك بۆ ئەم حیزب‌و ئەو حیزب، هەروەها بەیاساش کاری سیاسی‌و حیزبی لەناو سوپای کوردستاندا قەغەبکرێت.

8- ئاشکراکردنی بودجەی ساڵانەو بڵاوکردنەوەی لەدوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە تەسدیقدەکرێت، هەروەها شەفافیەت هەبێت لەوەی کەدەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و تاکەکان دەستیان رابگات بەو زانیاریانەی پەیوەندییان بەداهاتی هەرێم‌و خەرجی‌و چۆنێتی خەرجکردنیانەوە هەیە.

9- موحاسەبەو لێپرسینەوە هەبێت، جا موحاسەبەکە سیاسی بێت لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ حکومەت، یان موحاسەبەی ریئاسیانە بێت لەلایەن خودی دامودەزگاکانی حکومەت خۆیەوە بۆ ئاستەکانی ژێر خۆی، یاخود لێپرسینەوەی جنائی بێت ئەویش بەتەسلیمکردنی هەموو ئەوانەی تاوان دەکەن، بە دادگا .

10 - کارکردن بۆ دانانی دەستەی دەستپاکی کوردستان‌و کاراکردنی داواکاری گشتی بەجۆرێك بتوانێت ڕۆڵی راستەقینەی خۆی ببینێت.

11- پێداچوونەوە بەهەموو ئەو عەقدو مقاوەلاتانەی دراون‌و موحاسەبەکردنی هەموو ئەوانەی تێوەگلاون یان ئەرکەکانیان بەباشی جێبەجێ نەکردووە.

12- قەدەغەکردنی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی هەموو لێپرسراوانی حکومی لەئەنجامدانی هیچ جۆرە کارێکی بارزگانی یان مقاوەلاتێك، هەموو ئەوانەشی کەگومانیان لەسەرە لاببرێن‌و ئەوانەشی بەڵگەیان لەسەرە بدرێنە دادگا.

13- پاککردنەوەی دەسەڵاتی دادوەریی لەدادوەری حیزبی‌و گەندەڵ‌و بێ تواناو پاڵپشتیکردنی ئەم دەزگایە لەوەدا کەبتوانێت ڕۆڵی خۆی هەبێت لەدروستکردنی دەوڵەتی یاساو بەگژاچوونەوەی گەندەڵی‌و ناعەدالەتیدا.

14- چاوخشاندنەوە بە هەموو ئەو موڵك‌و ماڵ‌و باخ‌و شوێن‌و زەویانەی کە دراون یان فرۆشراون یان بەکرێدراون.

15-وازهێنان لەکۆنترۆڵکردنی بازاڕ یان پشتگیریکردنی کۆمپانیایەك لەبوارێکی دیاریکراودا بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕ.

16 – ڕێگەنەدان بەخۆشبوونی کەس لەباجدان بەبڕیاری حکومەت‌و چاوخشاندنەوە بەوانەی کەکراون .

17- چاوخشاندنەوە بەوەرگرتنی "القبول الخاص" لەخوێندندا.

18- قەدەغەکردنی هەموو جۆرە دامەزراندنێکی خزم‌و کەسوکار لەلایەن بەرپرسی فەرمانگەکانەوە، بە هەر پۆست‌و ناونیشانێك بێت، سکرتێر یان تەنانەت پاسەوانیش.

19- لابردنی ئەو هەموو حیمایە تایبەتەو حیمایەی لێپرسراوان.

20- قەدەغەکردنی بڕینەوەی مووچە بۆ ئەندام پەرلەمان یان وەزیر دوای تەواوبوونی کارەکەی.

21- لێپرسینەوە لەگەڵ هەر لێپرسراوێکی ئەمنی یان پۆلیس کە سەرپێچی یاسا بکات‌و مافی مرۆڤ پێشێلبکات‌و لەسەر تاوانی گرتن یان ئەشکەنجەدان بدرێتە دادگا بۆوەرگرتنی سزای خۆیان، هەروەها پێویستە زیندانەکانیش لەبەردەم پشکنین‌و چاودێریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ئاوەڵا بن.

22- سزادانی هەموو ئەو مەسئولانەی ناوچەیەك کە لەکاتی خۆپیشاندان تەقە یان سوکایەتی بە هاولاتی دەکەن، با خۆشی بەشدار نەبووبێت یان فەرمانی نەدابێت، بەڵکو لەسەر ئەوەی کە دەیتوانی شتێك بکات بۆ راگرتنی تەقەکردن یان دەستدرێژیکردنو سوکایەتیکردن بەخەڵك، بەڵام کەمتەرخەم بووەو نەیکردووە.

23- بڕینی هەموو جۆرە ئیمتیازێك لەهەر بەرگو روپۆشێکدا بێتو پێویستە پرەنسیپی یەکسانی هەمووان لەبەردەم یاسادا پیادە بکرێت.

24- زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت کە بە گوێرەی میلاك لەوەزیفەدا دەمێننەوە، زیادکردنەکەشیان بەرادەیەك بێت کەبتوانێت ژیانێکی کامەرانو سەربەرزی پێ مسۆگەر بکات .